# ڕاگەیاندن

## بڕیارنامەی کۆتایی سمیناری کۆمەڵی کوردەکانی دەرەوەی وڵات لە ئاڵمانیا (کۆمەڵ)

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی شەمۆ، ڕێککەوتی 15. 2. 2003 بە مەبەستی باس و لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی ئێستای باشووری کوردستان و، هەروەها ئەگەری شەڕی ئەمریکا و بریتانیا بۆ وەلانانی سەدام و ئەو مەترسیانەی کە لە کاتی شەڕ و ئاکامی شەڕەکەدا، ڕەنگە بەرەوڕووی نەتەوەکەمان بێتەوە، کۆڕێک بۆ ڕوناکبیری نەتەوەیی، ***مامۆستا جەماڵ نەبەز***، ڕێکخرا. لەم کۆڕەدا کە نیزیکەی 100 کەس بەشدار بوون، پاش شیکردنەوەی ئەو هەل ومەرجە لە لایەن بەڕێز جەمال نەبەزە و دەربڕینی پرسیار و بیروڕا لە لایەن بەشداربووەکانەوە، بڕیارنامەیەک بۆ ئاگاداریی ڕای گشتی بەم چەشنەی خوارەوە پەسند کرا.

_ بە درێژایی دەیان ساڵە نەتەوەی کورد بۆتە قوربانی شوڤێنیزمی داگیرکەرانی کوردستان بە تورک وعەرەب و فارسەوە. ئێستا، کە ڕژێمی فاشیستی بەعس کەوتۆتەبەر نیشانەی چەند زلهێزێکی دنیا و نیازی ڕووخاندنیان هەیە، پێویستە بە هەموو تواناوە لە پێناو تەفر و تونا کردنیدا هەوڵ بدەین. ئێمە قوربانی شەڕین و شەڕمان پێخوش نییە، بەلام ناتوانین لە پرۆسەی ئاشتی بۆ مانەوەی داو و دەزگایەک بەشداری بکەین کە لە هیچ چەشنە جنایەتێک بەرانبەر بە کورد کۆتایی نەکردووە.

_ دوا لە ئەمریکا و بریتانیا و ولاتانی لایەنگری شەر لە دژی سەدام، دەکەین، باشووری کوردستان لە بەرامبەر ئەگەری بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵ کوژی لە لایەن سەدامەوە، بپارێزن، تا دیسان تراژدیای هەڵەبجەیەکی دی دووپات نەبێتەوە.

تورکیە و ئێران و سورییە لە هەموو ڕێگایەکەوە هەوڵی لەباربردن و سەرکوتکردنی ئەزموونی باشووریان هەیە. هەر چەشنە قەوارەیەکی سیاسی کورد لەو ناوچەیەدا بە زیانی ئەو ولاتانەیەکە کێشەی کوردیان بە چارەسەرنەکراوی هێشتۆتەوە، بەلام لەو تێوەدا تورکییە بە هۆی ئەندامەتی ناتۆ و بەشداربوونی لە شەڕدا، مەترسی هەرە گەورەیە. نابێ ڕێگا بە لەشکری تورک بدرێ بە بیانووی شەر خۆ بخزێنێتە ناو باشووری کوردستان. ئەوان نەیانشاردوتەوە کە دژی ئیدارەی سەربەخۆی کوردن، لە هەر شێوە و قەوارەیەک دابێ. پێویستە نەتەوەکەمان لە سەرتاسەری کوردستاندا، بە یەکدەنگی و بە کردەوەی هاوبەش، بە تورکەکان بلێ "بۆ دەرەوە".

_ ئەوڕۆ قورسایی باری دیپلۆماسیی کورد بە پلەی یەکەم کەوتۆتە سەر شانی دوو حیزبی دەسەلاتدار (پارتی و یەکیەتی) . بەم بۆنەوە داوایان لێ دەکەین لە پێوەندییەکانیاندا خۆیان لە دیپلۆماسیی شاراوە و نەهێنی بپارێزن. هەروەها داوا لە "کادک" و هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی باکوور دەکەین کە بە ورد ببینی و هوشیارییەوە بڕواننە پیلانەکانی تورکان. خاوەنی ئەزموونی باشوور، گشت نەتەوەی کوردە لە هەموو کوردستان. __**یەکێتی ووشیاری**__ *نەتەوەییی دوو فاکتۆری هەرە گرنگن*کە بە تایبەت لەو قۆناغەدا زیاتر لە هەموو کاتێک بە هانامانەوەدێن. پێویستێکی گرنگی مێژوویيە کە هەموو حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان لە سەرتاسەری کوردستان لە __***کۆبوونەوەیەکی نەتەوەیی***__ دا، بە وەلانانی هەرچەشنە ناکۆکێکی لاوەکی، لە ریزێکی یەکپارچەدا، وێرای پاراستنی دەستکەوتەکانی باشوور، بەرەوڕووی پیلانە جۆراوجورەکانی ڕژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان ببنەوە. دە با بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بە دنیا نیشان بدەین کە کورد یەک نەتەوەیە و یەک ئامانجی هەیە، ئەویش ڕزگاری نیشتمان لە ژێر دەستی دەولەتە داگیرکەرەکانی تورک و فارس و عەرەب ە.

_ دەیان سالە نەتەوەکەمان لە ژێر زەخت و گوشاری داگیرکەرانی کوردستاندا دەناڵێنێ، سیاسەتی ژێنۆساید لە هەموو بوارەکانی کومەلایەتی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی بەو پەڕی بێ ئەخلاقییەوە دژی کورد بەرێوە دەچێ. هیچ کام لە ولاتە داگیرکەرەکانی کوردستان تەنانەت ئامادەنین بە شێوەی یاسایی دان بە بوونی کورد دابێنن. کاتی ئەوەهاتووە کە داوا لە

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بکەین لە کاتی شەری عیراق و پاش شەریش، کوردستان بخاتە ژێر چاوەدێری خۆیەوە، با چیدی دنیا تەماشاکەری کوشتاری بە کۆمەڵ و کۆڕەو وقەلاچۆ کردنی کوردان نەبێ.

2003 .2 .15

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003

www.kurdistannet.org کوردستان نێت